نرخی ئەمپێرێک کارەبای مۆلیدە لە شاری سلێمانی دیاریکرا

نرخی ئەمپێرێک کارەبای مۆلیدەی ئەهلی لەناو شاری سلێمانی بەپێی کاتەکانی پێدانی کارەبا و ناوچە جیاوازەکان بە مانگی رابردو دیاریکرا، خشتەکانی پێدانی کارەباش بە مانگی ڕەمەزان دەگۆڕێت.

بەوەبەرایەتیی گشتی کارەبای سلێمانی رایگەیاند؛ بەپێی نرخی سوتەمەنیی لە بازاڕەکاندا نرخی کاتژمێرێک بە هەر ئەمپێرێک بە 41 دینار دیاریکراوە.

ئاماژەی بە ئەوەکرد کە مۆلیدە ئەهلییەکانی شاری سلێمانی مانگی رابردو 285 بە 320 کاتژمێر کارەبایان داوەتە هاوڵاتیان و نرخەکەیش لەنێوان 12 بە 20 هەزار دینار دیاریکراوە.

کارەبای سلێمانی دەڵێت: نرخەکە لە گەڕەکێک بە گەڕەکێکی دیکە جیاوازە، بەشێک لە گەڕەکەکان لەنێوان 12 بە 13 هەزاردایە و ئەو گەڕەکانەیش لە 7ی بەیانی بە 1ی شەو کاریان کردوە نرخی ئەمپێرەکیان لەنێوان 16 بە 17 هەزار و ئەو مۆلیدانەیش 24 کاتژمێر کاردەکەن هەر ئەمپێرەکیان بەرامبەر 20 هەزار دیناردایە.

خشتەی کارکردنیش بەمشێوەیە: لەنێوان 1ی پاشنیوەڕۆ بە 1ی شەو لەکاتی کوژانەوەی کارەبای نیشتیمانی کاردەکەن، بەیانیانیش لە کاتژمێر 6:30 بە 8:00 کاردەکەن و لە مانگی ڕەمەزانیش خشتەی پێدانی کارەبا دەگۆڕێت، لە ڕۆژانی هەینی و شەممەیشدا بەیانیان کارناکەن لەبری ئەوە کاتژمێر 11ی

پ□شنیو□□ی ب□ 1ی ش□و کاردک□ن